# لە نەوەکانی ئەمە کەسانێک دەبن قورئان بە جوانی دەخوێننەوە، بەڵام ناگاتە پاش قوڕگیان، لە ئاین دەردەچن هەروەکو چۆن تیر لە کەوانەکەی دەردەچێت

لە ئەبو سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: عەلی کوڕی ئەی تاڵیب -ڕەزای خوای لێبێت- لە یەمەنەوە پارچە ئاڵتونێکی لە پارچە چەرمێکی خۆشکراو بە جەوت ڕەوانە کرد بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە هێشتا پاڵفتە نەکرابوو لە خۆڵەکەی، ئەویش بەشی کرد لە نێوان چوار کەسدا (عویەینەی کوڕی بدر، ئەقرەعی کوڕی حابیس، زەید ئەلخەیل) وچوارەمیان: یان (عەلقمەیە یان عامری کوڕی توفەیل) بوو یەکێك لە هاوەڵان ووتی: ئێمە لە پێشتر بووین بە ئەمە (ئەم بەخشینە) زیاتر لە ئەوان، ئەو قسەیە گەیشت بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆیە فەرمووی: «باشە ئێوە متمانە بە من ناکەن، لەکاتێکدا من متمانەپێکراوی ئەو زاتەم کە لە سەروو ئاسمانەکانەوەیە، بەیانیان و ئێواران هەواڵم لە ئاسمانەوە بۆ دێت». کەچی پیاوێکی چاو بەقووڵاچووی ناوچاو قۆقزی ڕیش پڕی سەرتاشراوی کە جلی نیوەی خوارەوەی (ئیزارەکەی) چاک بەستبوو وهەڵگرتبوو، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە خوا بترسە!! فەرمووی: «مەینەتباری بۆ تۆ، مەگەر من لە هەموو دانیشتوانی سەر زەوی لە پێشتر نیم بۆ ئەوەی لە خوابترسم؟». کابرا ڕووی وەرگێراو ورۆیشت، خالیدی کوڕی وەلید ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا ملی نەپەڕێنم؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نەخێر، چونکە لەوانەیە نوێژ بکات». خالید ووتی: چەندەها نوێژخوێن هەیە بە زمان شتێك دەڵێن کە لە دڵیاندا نییە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «من فەرمانم پێنەدراوە دڵی خەڵکی بکەمەوە وسکیان هەڵبدڕم»، ئینجا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەیری کابرای کرد کە ڕووی وەرچەرخان ورۆیشت، فەرمووی: «لە نەوەی ئەمە کەسانێك دەبن کە زمانیان پاراوە بە خوێندنەوەی قورئان، بەڵام لە گەروویان ناگاتە خوارەوە، لە دین دەردەچن وەك چۆن تیر لە کەوانەکەی دەردەچێت»، وابزانم فەرموویشی: «ئەگەر پێیان گەیشتم وەکو قەومی (سەمود:ثمود) هەمویان لەناو دەبەم».»

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- عەلی کوڕی ئەی تاڵیبی نارد بۆ یەمەن -ڕەزای خوای لێبێت-، بۆئەوەی بانگەوازی خەڵکی بکات بۆ لای خوای گەورە وببن بە مسوڵمان وهەروەها بۆئەوەی زەکات کۆبکاتەوە، ودادوەری لە نێوان خەڵکی بکات ئەگەر تووشی ناکۆکی بوون، وئەمە پێش حەجی ماڵئاوایی بوو، پاشان عەلی لە یەمەن گەڕایەوە، وگەیشت بە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە مەککە لە حەجی ماڵئاواییدا، وپێشتر پارچە ئاڵتونێکی لە پارچە چەرمێکی خۆشکراو بە جەوت ڕەوانە کرد بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە هێشتا پاڵفتە نەکرابوو لە خۆڵەکەی، واتا ئاڵتونێکی پاک نەبوو چونکە خۆڵی تێکەڵ بوو، وپێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- لە نێوان ئەم چوار کەسەدا دابەشیکرد (عویەینەی کوڕی بدر، ئەقرەعی کوڕی حابیس، زەید ئەلخەیل) وچوارەمیان: یان (عەلقمەیە یان عامری کوڕی توفەیل) بوو، بە هیوای ئەوەی مسوڵمان بن، وسەرکردەی هۆزەکانیان بوون، ئەگەر ئەمان مسوڵمان بووایەن ئەوا خەڵکێکی زۆر شوێنیان دەکەوتن ومسوڵمان دەبوون، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی پێیان بەخشی بۆئەوەی هانیان بدات مسوڵمان بن، وبۆئەوەی دڵیان بەرەو ئاینی ئیسلام ڕابکێشێت ومسوڵمانەکانیان خۆش بوێت، وئەوانەیشیان کە مسوڵمان بوون بۆئەوەیە کە دڵیان بەهێز وجێگر بکات لەسەر ئاینی ئیسلام، ووتراوە: ئەم پارچە ئاڵتونە لە دەستکەوتەکانی جەنگ بووە؛ یەک لەسەر پێنج (خمس)؛ یان زانایان دەڵێن لە بنچینەی دەستکەوتەکانی جەنگ نەبووە بەڵکو لە زەکات بووە. وکاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەخشی بە ئەوانەی کە باسکراوە؛ پیاوێک لە نێو مسوڵماناندا هەستا، ووتی: ئێمە شایستەترین ئەوەمان پێببەخشرێت زیاتر لە ئەوان؟ وپێغەمبەر -صلى

الله عليه وسلم- ئەم قسەیەی پێگەیشت وفەرمووی: (باشە ئێوە متمانە بە من ناکەن، لەکاتێکدا من متمانەپێکراوی ئەو زاتەم کە لە سەروو ئاسمانەکانەوەیە، بەیانیان و ئێواران هەواڵم لە ئاسمانەوە بۆ دێت): واتا خوای گەورە من کردووە بە ئەمین وخاوەن سپاردە لەسەر ئەو پەیامەی ناردوویەتی بۆ سەر زەوی، وتۆ ئەی کەسی ڕەخنەگر وئەوانەی هاوشێوەی تۆن متمانەتان بە من نییە کە لەسەر ڕێگای چەوت وگومڕایین؟! ومتمانەتان بە من نییە سەبارەت بەوەی شتومەکی فەوتاوی دونیا دابەش بکەم بەو شێوەیەی کە دەبێت دابەش بکرێت لەسەر ئەو ڕێگایەی خوای گەورە فەرمانی پێکردووە ؟! کاتێک دەفەرموێت: (من في السماء) واتە: (ئەو زاتەی لە سەرووی ئاسمانەکانەوەیە)؛ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوای گەورە لە سەرەوەی ئاسمانەکانەوەیە و لە سەرەوەی بوونەوەرەکانەوەیە، و(في) لێرەدا بە مانای لەسەرەوە (على) دێت چونکە عەرەب هەندێک جار (في) لە شوێنی (على) بەکاردێنن بۆ ئاماژەکردن بۆ سەرەوە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {فَسِيحُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ} [التوبة:2] واتە: {کەواتە (ئەی بێباوەڕەکان) لەسەر زەویدا بگەڕێن}؛ بێگومان مرۆڤ بەسەر زەویدا دەگەڕێت نەک بە نێو زەویدا چونکە هیچ مانایەکی نییە بۆیە (في) لێرەدا بە مانای (على) لەسەر -بەسەر- دێت، {وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِى جُذُوعِ ٱلنَّخْلِ} [طه:71] واتە: {وە بێگومان بەسەر قەدی دارخورمادا هەڵتان دەواسم (دەتانکەم بە دارا)}؛ بێگومان کەسێک لە سەر دار دەبەسترێتەوە وسزا دەدرێت نەک لە نێو دارەکەدا چونکە شتی وا بوونی نییە بۆیە (في) لێرەدا بە مانای (على) لەسەر دێت، وهەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: {ءَأَمِنتُم مَّن فِى ٱلسَّمَآءِ أَن يَخْسِفَ بِكُمُ ٱلْأَرْضَ فَإِذَا هِىَ تَمُورُ (16) أَمْ أَمِنتُم مَّن فِى ٱلسَّمَآءِ أَن يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا ۖ فَسَتَعْلَمُونَ كَيْفَ نَذِيرِ (17)} [الملك] واتە: {ئایا دڵنیان لەو خوایەی کە لە ئاسمانە کە بتانباتە خوارەوە بە ناخی زەویدا لە کاتێکدا کە زەوی (وەك دەریا) گێژ بخوات و (بێتە لەرزین)؟ (16) ئایا دڵنیان لەو خوایەی کە لە ئاسمانە کە بای توندتان بنێرێتە سەر بە وورده زیخەوە، ئەو دەمە تێدەگەن کە هەڕەشەی ئێمە چۆنە؟ (17)}؛ لەم ئایەتە پیرۆزانەدا وشەی (في السماء) بە مانای لە سەرەوەی ئاسمان ولە سەرەوەی عەرش دێت، چونکە خوای گەورە لە سەرەوەی عەرشە هەروەکو لە ئایەتی تردا هاتووە. کاتێک پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- قسەی بۆیان کرد وخەڵک لەو شوێنە بوون، پیاوێک هەستا کە چاوەکانی بەقووڵاچوو بوو بە نێو ئێسکەکانی چاوی وئێسکەکانی گۆنای بەرز بوو ونێوچەوانی قۆقزی بوو -لە پێشەوە بوو- وڕیشی گەورە وپڕ و سەرتاشراو بوو، جلی نیوەی خوارەوەی لاشەی لە سەرەوەی گوێزنگەکانی بوو، بە پێغەمبەری خودای فەرموو -صلی الله علیه وسلم- : لە خوا بترسە!! ئەویش -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: (مەینەتباری بۆ تۆ، مەگەر من لە هەموو دانیشتوانی سەر زەوی لە پێشتر نیم بۆ ئەوەی لە خوابترسم؟): واتا پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە پێشەوەی هەموو خەڵکیدایە لە گوێڕایەڵیکردنی فەرمانەکانی خوای گەورە وتەقواداری، وگومڕایی ئەوەیە کە مرۆڤ پێی وابێت گوێڕایەڵی وپەرستن؛ سەرپێچی فەرمانی خوای گەورەیە!!، ئەم پیاوە کە ڕەخنەی گرت لە کردەوەکەی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێی وابوو ئەم کردەوەیە سەرپێچی فەرمانی خوای گەورەیە، وئەمیش ئەوپەڕی ستەمە، بۆیە پێی وابوو کە ئەو فەرماندەکات بە تەقوای خوای گەورە، بۆیە بە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: (تەقوای خوای گەورە بکە)، هەرچەندە کردەوەکەی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە ئەوپەڕی تەقواداری ولە خودا ترسییە، ولە مەزنترینی پەرستنەکانە، ئەو لە پێناو خوای گەورە دەبەخشێت بۆئەوەی ئاینی ئیسلام سەربخات، وبەندەکان هیدایەت بدات وهانیان بدات بۆئەوەی مسوڵمان بن ودامەزراو بن لەسەر ئەم ئاینە مەزنە. کاتێک کابراکە ڕۆیشت، خالیدی کوڕی وەلید ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا ڕێگام پێبدە بیکوژم؟ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: (نەخێر، چونکە لەوانەیە نوێژ بکات)، خالد ووتی: (چەندەها نوێژخوێن هەیە بە زمان شتێك دەڵێن کە لە دڵیاندا نییە)، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: (من فەرمانم پێنەدراوە دڵی خەڵکی بکەمەوە وسکیان هەڵبدڕم): واتا بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا دەکەم کە لە لام ئاشکرایە، وئەوەی لە ناخیاندایە فەرمان لای خوای گەورەیە وئەو پێی دەزانێت ولەسەری لێپرسینەوەیان لێدەکات -سبحانە وتعالی-، ولە گێڕانەوەیەکدا هاتووە کە ئیمامی عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- ئەم قسەیەی کردووە. ئینجا پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- سەیری کابرای کرد کە ڕووی وەرچەرخان وڕۆیشت، فەرمووی: (لە نەوەی ئەمە کەسانێك دەبن کە زمانیان پاراوە بە خوێندنەوەی قورئان، بەڵام لە گەروویان ناکاتە خوارەوە، لە دین دەردەچن وەك چۆن تیر لە کەوانەکەی دەردەچێت، ئەگەر پێیان گەیشتم وەکو قەومی -سەمود:ثمود- هەمویان لەناو دەبەم): واتا لە نەوەی -یان هاوڕێبازی- ئەم پیاوە گومڕایە کەسانێک دەردەکەون کە لەسەر ڕێچکەی ئەو دەڕۆن، بە ڕەوانی وئاسانی قوئان دەخوێنن ئەمیش بەهۆی زۆر خوێندنەوە و لەبەرکردنیان بۆ قورئانی پیرۆز، بۆیە قورئان ناگات بە دڵیان چونکە لێی تێناگەن بەو شێوەیەی مەبەستە، بەڵکو بەڵگەکانی بۆ شتێکی تر دەهێننەوە کە بەڵگە نین لە سەر ئەو بابەتە، چونکە ئەوان گومڕان ونەفامن، بۆیە بە ئاسانی وخێرایی لە ئاینی ئیسلام دەردەچن، وئاینی ئیسلام کاریگەریان لێناکات، هەروەکو ئەوە وابێت نەهاتوونەتە نێو ئاینی ئیسلامەوە، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مسوڵمانن، بەڵام ئیمان نەچووەتە نێو دڵیانەوە، ولە قورئان وئیسلام تێنەگەیشتوون بەو شێوەیەی مەبەستە، بۆیە لە سیفەتەکانیان ئەوەیە: مسوڵمانان دەکوژن و واز لە کافرەکان دەهێنن، بۆیە پێغەمبەر -

صلى الله عليه وسلم- دەرهەقیان دەفەرموێت: (ئەگەر پێیان گەیشتم وەکو قەومی -سەمود:ثمود- هەمویان لەناو دەبەم): واتا زۆر بە بەهێزی وتوندی لەناویان دەبەم؛ بۆئەوەی هیچ یەکێکیان لێ نەمێنێتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8307

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee